# خۆشەویستی ئەو خەونانەن کە مرۆڤ ئەیانبینێ



**هەندرێن حەمەدەمین**
Handren88@hotmail.com

شەوی ١٦ی٢ی٢٠٠٣ گەلێک شت لە ناومدا کەلەکە بووە، هەست ئەکەم زۆر پێویستم بە گفتوگۆ هەیە، بەلام بەداخەوە ئەم ویست و ئارەزووەم هەر ئەوەندە دێتە دی کە وەک هەموو جارێک لەگەل خۆم بیر بکەمەوە.
بیرکردنەوە گەلێک جار ماندووم ئەکات، چەند رۆژێک مێشکم تەواو داگیر ئەکات، هەندێک جار خۆم لە بیرکردنەوە ئەدزمەوە.
بەلام ئێستا دەمەوێ ئەوە بلێم، لە ماوەی ئەو نیو کاتژمێرەی کە خەریکی .................... بووم، ئەوەم بە مێشکدا هات کە بلێم {خۆشەویستی ئەو خەونانەن کە مرۆڤ ئەیانبینێ}
کەواتە ئەوانەی کە خەون نابینن ناتوانن خۆشەویستی بکەن، بەلام تۆ بلێیت کەس هەبێ خەون نەبینێت؟؟؟؟ من ئەوەشم بە مێشکدا هات کە بپرسم ئایا شێت خەون ئەبینێ؟؟؟ یان تۆ بلێیت هەندێ نەخۆشی دەرونی هەبێ کەوا لە مرۆڤ بکات خەون نەبینێت؟؟؟؟
ئەم دوو خالە جێگای لێکۆلینەوەیەکی زۆرترە، پێویستی بە زانیاری زانیستیانەی زۆرتر هەیە.
لێرەدا وا باشە کە بپرسین خەون چیە؟؟
ئایا خەون تەنیا ئەو شتانەیە کە مرۆڤ لە کاتی خەوتن ئەیانبینێ؟؟؟؟ یان ئەو شتانەیە کە مرۆڤ لە کاتی بێداریدا خەیالیان ئەکات؟؟؟ کەواتە جیاوازی نێوان خەون و خەیال چیە؟؟؟
ئەی ئەوەی کە مرۆڤ بیری لێئەکاتەوە و نەخشەی بۆ ئەکێشێت و کاری بۆ ئەکات ؟؟؟
ئەگەر ووتمان خەون ئەو کورتە چیرۆکە چروپڕ و خێرایەیە کە لە هەست و نەستی ژیانی رۆژانەی کەس لە دایک ئەبێت و کەسەکە لە کاتی خەوتن لە ساتەکانی پێش بەئاگاهاتن، بەخێرایی و بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو ئەیبینێت. ئەوە وابێت یان لێکۆلینەوەی لەوە زۆرتری بوویت، من پێم وایە { خەون ئەگەر لە بیری کەسەکە بمێنێ یان لەبیریکات، ئەگەر لێی ووردبێتەوە یان بەسەرخۆیدا تێیپەڕێنێت،ئەوا کەم یان زۆر کاریگەری لەسەر بیر و دەرونی کەسەکە درووست ئەکات } .
خەیالیش ئەگەر رۆمانێک بێت و کەسەکە بە رێکوپێکی و یەکیەتی بابەت یان بە پچرپچر و بابەتی جیاجیا لەناو خۆیدا دایبڕێژێت، ئەوەشیان بەبێ گومان کاریگەری تەواوی بەسەر دەرون و بیرکردنەوەی کەسەکەدا هەیە.
بیرکردنەوەی مرۆڤیش ئەگەر بە ئاڕستەی دیاریکراو یان ئاڕاستەی جیاجیا دا بڕوات ئەوا لە کردەوەی رۆژانەی رەنگ ئەداتەوە.

با زۆر دوور نەچم، بگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە مەبەستمە بیلێم: خەون ئەو ویست و ئارەزوانەن کە لە خەون و خەیال و بیرکردنەوەی مرۆڤ بەرهەم دێن . کەواتە ئەتوانین بلێین: {خۆشەویستی ئەو ویست و ئارەزوانەیە کە مرۆڤ ئەیانخوازێ} .

ئەلێرە خالی گومان لێنەکراو ئەوەیە کە ویست و ئارەزووەکانی کەسەکان لەیەکتر جیاوازە، واتە خەونی کەسەکان جیاوازە، بۆیە دەبێ خۆشەویستی کەسەکانیش جیاوازی هەبێت،

زۆر باس لەوەکراوە کە خۆشەویستی هەر ئەو پەیوەندیە نیە کە لە نێوان کچ و کوڕدا هەیە، واتە لە نێوان نێر و مێیەی مرۆڤدا هەیە، بەلکو خۆشەویستی دایک و باوک و نیشتمان و نەتەوە و خاک و پارە و دەولەمەندی و دەسەلات و و..و..و...و...و..هتد ....
هەیە.

بەبیرم دێت کە لەگەل برادەرەکانم (ئازا و سامان و راوێژ و وشیار و بەختیار و زیاد و هۆشەنگ و نزار و زۆریتر لە برادەرەکان) بەلام بە تایبەت لەگەل هاوڕێی ئازیزم هۆشەنگ شێخ مەحەمەد ، باسمان لە خۆشەویستی و شێوە و جۆرەکانی ئەکرد، پێمان وابوو کە جگە لە خۆشەویستی نێوانی کچ و کوڕ نێر و مێ ، ئوانیتر تەنیا پەیوەندین و ناچنە ناو خانەی خۆشەویستی، ئەمەش زیاتر لەسە ئەو بیر و بۆچوونەی (مدام لاڤایت) بوو، کە ئەیگووت: {خۆشەویستی هەندێکە لە سۆز هەندێکە لە جەستە هەندێکە لە بیر}.

ئێمەش جەستەمان بەو کردارە سێکسیە لێکئەدایەوە کە لە نێوان نێر و مێدا هەیە، ئەگەرچی کە باسمان لە سێکس ئەکرد ئەمان ووت سێکس هەر بریتی نیە لە جووت بوون، بە واتای ئەو کردارەی کە کۆئەندامی زاوزێی نێر و مێ ئەنجامی ئەدەن. بەلکو ماچکردن یان دەستگرتن یان هەر جۆرە کردارێکیتری بەریەک کەوتن ئەچێتە خانەی پەیوەندی جەستەیی.

پرسیارەکە ئەلێرەیە (باوەش کردن و دەست بەسەرداهێنان و ماچکردن و لە ئامێزگرتن و چوونە ژێر بالی دایک و باوک مندالەکانیان لەگەل یەکتر ناچێتە خانەی پەیوەندی جەستەیی) یان ( هەلسان و دانیشتن و نووستن و خواردن لەسەر خاکێک نابێتە کردارێکی جەستەیی؟؟؟ ) یان بەرجەستە بوونی پارە و دەستگەڕاندن بە ناویاندا و یان ژیان لە ناو کۆشک و تەلار کردارێکی جەستەیی نیە؟؟؟؟

دەسەلات و شتەکانیتریش هەر هەمان پرسیارن!!!؟؟؟؟

ئەگەر بلێین ئەو پەیوەندیە سێکسیەی نێوان کچ و کوڕ نێر و مێ تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە و جیاوازە لە پەیوەندیەکانیتر ئەوا بە هەمان شێوە پەیوەندیەکانیتریش تایبەتمەندی خۆیان هەیە و جیاوازن لەگەل پەیوەندی سێکسی نێر و مێ ....

بۆیە ئەبێ لێرە باس لە نیوە و نیوەی تەواوکەر بکرێت، ئێمە پێمان وابوو کە نێر( پیاو) نیوەیە و مێ (ژن) نیوەیە ، بەهەردووکیان ئەبن بە یەک (تەواو) . واتە پیاو تەواوکەری ژنە و ژن تەواوکەری پیاوە.

وە پێمان وابوو کە ئەگەر دوو کەس نیوەی یەکتر بن ئوا بە ئاسانی ئەتوانن تەواوکەری یەکتر بکەن و بەیەکەوە ببن بە یەکەکی تەواو بەلام کاتێک کە دوو کەسەکە نیوەی یەکتر نەبن ئەوا نەوەک هەر ناتوانن یەکتر تەواو بکەن و ببن بەیەک بەلکو هەر ناتوانن بەیەکەوە بلکێن بە هیچ جۆرێک، ئەگەر بە زۆریش بە یەکەوە بلکێندرێن ئەوا نێوانیان پڕ ئەبێت لە کەلێن.

پرسیارێکیتر لێرە دێتە پێش، **چۆن نیوە ئەتوانێ نیوەکەیتری بدۆزێتەوە ؟؟؟؟؟؟؟؟؟**

بە سۆز و بیر و جەستە یان بە جەستە و سۆز و بیر یان بە بیر و سۆز و جەستە یان بە سۆز و جەستە و بیر یان جەستە و بیر و سۆز یان بە بیر و جەستە و سۆز........ یان جیاوازی نیە ؟؟؟؟

من پێم وایە بە شێوەیەکی سروشتی غەریزە یەکەم فاکتەری بزواندنی مرۆڤە، مەبەست ئەوەیە هەرکە مرۆڤ لە دایک ئەبێ لە یەکەم سات غەریزە ئەیجولێنێ و ئەیگرێنێ، دوایش هەستەکان و تا ئەگاتە قۆناغی بیرکردنەوە.

ئەلێرە ئەگەر بلێین غەریزە و هەست سۆز بەرهەم دێنن، ئەوا ئەگەینە ئەوەی کە بلێین کە سەرەتای پەیوەندی هەموو کچ و کوڕێک لە سۆزەوە دەست پێئەکات، کەواتە پەیوەندی نێوان کچ و کوڕەکان پەیوەندیەکی سۆزدارە

تا ئەگاتە ئەوەی کە کەسەکان بیر لە چۆنیەتی تێرکردنی غەریزەکانیان بکەنەوە، ئەوە جگە لەوەی کە لە قۆناغی پێش بیرکردنەوە غەریزەکان خۆیان بۆ تێرکردنی خۆیان پاڵ بە مرۆڤەوە ئەنێن، بەلام ئەوەی ئێمە لێرە زۆرتر مەبەستمانە ئەو پەیوەندیەیە کە لە نێوان کچ و کوڕ دروست ئەبێت بە ناوی خۆشەویستی یان ژن و مێردایەتی یان هەر ناوێکیتر، واتە ئەو پەیوەندیە لە تەمەنێکە کە کچ و کوڕەکە گەیشتوونەتە قۆناغی بیرکردنەوە .
کەواتە وەک باسمان کرد سەرەتا سۆز وا لە مرۆڤ ئەکات کە بەدوای تێرکردنی غەریزەکانیدا بگەڕێت، لە هەمان کات مرۆڤ ئەیەوێت کە تێرکردنی غەریزەکانی بە پێی ویستی هەستەکانی بێت، بەم شێوەیە ئەتوانین بڵێین یەکەم جار گەڕان دوایی دۆزینەوە پاشان بەیەک گەیشتن. واتە یەکەم غەریزە ، دووەم هەست، سێیەم بیرکردنەوە، چوار جەستە .
ئەلێرە ئەگەر غەریزەی سیکس وەرگرین بە واتای ویستی نێر لەبۆ مێیە و ویستی مێیە لەبۆ نێر، ئەوا ئەبینین بەلای نێرەکان گرینگ ئەوەیە کە بگەن بە مێینەیەک و بۆ مێینەکایش گرینگ ئەوەیە بگەن بە نێرینەکان و تەواو، ئەی رەهەندی هەلبژاردن لە کوێوە سەرچاوە ئەگرێت؟؟ بێ گومان بەپێی بۆچوونەکانی سەرەوەمان ئەلێن هەلبژاردن بۆ هەست و بیر ئەگەرێتەوە، بەلام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا کامەی پێش کامەیە؟ ئایا هەست بەر لە بیرە یان بیر بەر لە هەستە؟ یان بە یەکەوەن؟ یان جیاوازی نیە کە کامەی پێش کامەی ئەبێت؟؟؟؟؟
ئەگەر گریمانی ئەوە وەرگرین کە بیر پێش هەستە، ئەوە چ ئەگەینێ؟ چۆن ئەتوانی بیر لە کەسێک بکەیتەوە بەر لەوەی کە ئەو کەسە ببینیت یان بیبیستی یان بۆنی بکەیت یان تامیبکەیت یان بەریکەویت؟؟؟؟؟ ئایا ئەوە دروست بوونی کەسێکی خەیالیە؟ یان خەیال ئەو کەسە دروست ئەکات؟ یان بوونی کەسێک لەناو کەسێکیتردا هەیە هەر لەگەل لەدایک بوون؟ بەو واتایەی کە بۆ هەر کەسێک کەسێک هەیە و کەسەکانیش بەداوی دۆزینەوەی کەسەکانی خۆیان ئەگەڕێن، ئەگەڕێین بۆ ئەوەی هەستەکان پێمان بڵێن ئەوە کەسەکەیە کە لەناوماندا هەیە.
ئەلێرەش چەند پرسیارێک دیتە پێش، کام لە هەستەکان کاریگەری سەرەکی هەیە؟ بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، بەرکەوتن؟؟ یان هەر هەموو هەستەکان بەیەکەوە؟؟ یان جیاوازی نیە کە هەر کامەی بێت؟؟ یان یەک لە هەستەکان بە تەنیا بەسە؟؟ یان دەبێ زۆرتر لە هەستێک بەشداربێت؟؟ وە گەلێک پرسیاری تر!!!!!!
رەنگە کە کەسی خەیال خۆی لە جوانیدا نواندبێت ئەوا هەستی بینین گەریگەری لە هەموو هەستەکانیتر زۆرتر بێت، وە ئەگەر بۆ نمونە رەوشت خۆی لە کەسی خەیال نواندبێت ئەوا هەستی بیستن (بیستن دەربارەی کەسەکە لە کەسانیتر) لەوانیە زۆرترین کاریگەری هەبێت، ئەگەر بۆنیش بێت ئەوا هەستی بۆنکردن، ئەگەر جێژیش بێت ئەوا هەستی تامکردن، بەبێ گومان ئەوەی داویی تەنیا بە کرداری جەستەیی ئەبێت، بەلام بۆ نمونە بۆنکردن رەنگە بە کرداری جەستەیی و ناجەستەیی ببێت، بە واتای ئەوەی کە بەر لە بەریەک کەوتن بۆنکردن ئەکرێت، ئەوەی بۆنیش تەواو ئاشکرایە وەک بە چاکی ئەیبینین کە هەر لەزووەوە بۆن کاریگەریەکی گەلێک زۆری هەبووە، ئەمڕۆ ئاگادارین کە چۆن بۆن بووە لە جۆرە زانستێک و بە تەواوەتی بۆنی ژنانە و پیاوانە لەیەکتر جیاکراوەتەوە .
ئایا کەرێت کەسەکەی خەیال خۆی لە هەموو هەستەکان نواندبێت؟؟؟ ئەگەر وابێت ئەو کات کامە هەست کاریگەری زۆرتری ئەبێت؟؟ ئایا ئەکرێت هەموو هەستەکان بە ئاستێکی یەکسان کاریگەریان هەبێت؟؟ یان ئەکرێت کەسێک بتوانێ کەسێکیتر بە هەموو هەستەکانی خۆی پەسند بکات؟؟ یان ئەتوانین بڵێین کە هەستێک بەسەر هەستەکایتر زاڵ بێت، ئەو کات هەستە زاڵەکە کاریگەری خۆی ئەکات و دەست بەسەر هەستەکانیتر دائەگرێت، ئەلێرەش لاواز بوونی هەستەکانیتر بۆ دۆزینەوە و هەلبژاردنی کەسی خەیال ناتەواویەک دێنێتە پێش، چۆن بتوانین هەموو هەستەکان بەشداربکەین؟؟ چی بکەین بۆ ئەوەی کاریگەری هەستێک بەسەر ئەوانیتر زاڵ نەبێت؟؟؟
لە هەمان کات ئەبێ بپرسین کە ئایا ئەکرێت کەسی خەیال خۆی لە هەموو هەستەکاندا بنوێنێت؟؟ ئایا مرۆڤ ئەو توانا خەیالیەی هەیە؟؟

کەواتە ئەبێ بگەڕێینەوە سەر خەیال و نابێ ئەوا بە خێرایی بەسەردا تێبپەڕین و بڵێین خەیال ڕۆمانێکە مرۆڤ لەناو خۆیدا دایئەڕێژێت، بۆ ئەمەش ئەبێ بزانین ڕۆمان چیە؟ ئەمەش بابەتەکە ئاڵۆزتر ئەکات، کەواتە با ئەم نمونەیە هەر بە نمونەیی بمێنێتەوە، تا بێینە سەر پرسیاری ئەوەی {ئایا خەیال بەبێ غەریزەکان و هەستەکان و بیرکردنەوەی مرۆڤ بوونی هەیە؟؟} ئایا ئەکرێت خەیالی کەسێک شێەوی کەسێک پێکبهێنێت بەر لەوەی کە کەسەکە هیچ کەسێکی دیتبێت؟؟ یان دەربارەی هیچ کەسێکی نەبیستبێت؟ یان، یان ، یان ..... بەو واتایەی ئایا خەیال بەبێ بوونی هەسەکان بەرهەم دێت؟؟ بەم شێوەیە ئەگەر باوڕ بەوە بێنین کە خەیال لە ئەنجامی هەست و غەریزەکانی مرۆڤە، وە باسمان لەوە کرد کە هەستەکان و غەریزەکان لەگەڵ بوونی مرۆڤ بوونیان هەیە، کەواتە خەیال دوا بەدوای هەستەکان و غەریزەکاندا دێت، من پێم وایە خەیال بەبێ بیرکردنەوەش نابێت.

ئەگەر وابێت ئەوا خەیال زادەی هەستەکان و بیرکردنەوە و غەریزەکانە.

ئەوەی کە ئاشکرایە وەک باسیشمان کرد هەستەکان لەگەڵ مرۆڤ لەدایک ئەبن، دوایی قۆناغی بیرکردنەوە دێت، بەم جەشنەش ئەتوانین بڵین کە بیر بەرهەمی هەستەکانە، بۆ ئەمەش دوو شێوە پرسیارمان دێتە پێش.

یەکەم.. ئایا چۆن هەستەکان کاریگەری خۆیان لەسەر بیرکردنەوە ئەکەن؟ ئایا هەموو هەستەکان بەیەکەوە یان دیسان زالی هەستەکان بەسەر یەکتر کاریگەری جیاواز لە هەستەکانەوە بۆ سەر بیرکردنەوە دێنێتە پێش؟؟

دووەم.. چۆن بتوانین هەستەکانی خۆمان بناسین؟؟ یان بابڵێین چۆن ڕاستی و درۆی هەستەکانمان لەیەکتر جیابکەینەوە؟؟

ئایا هەست ناسراوە و پێویست بە بەدواگەڕان و ناسینی ناکات؟؟ یان ئایا هەست درۆ ناکات؟؟ ئایا بەم پێیە ناتوانین بڵێین کە پەیوەندی هەستەکان و بیر دوو سەرەیە هەر یەکە و کاریگەری بەسەر ئەوەیترەوە هەیە؟؟

شێوە دەرئەنجامێک لێرە دێتە پێش، کە مرۆڤ سەرەتا هەست بە کەسێک ئەکات دوایی خەیالی کەسەکە ئەکات تا ئەگاتە بیرکردنەوە لە کەسەکە، بۆیە ئەتوانم بڵێم هەستکردن دۆزینەوەیە، خەیالکردن شیکردنەوە و هەلسەنگاندن و داڕشتنە، بیرکردنەوەش چۆنیەتی بەیەک گەیشتنە ئەگەر بەهۆی بەیەک گەیشتن هەستی پێنەکردبێ، ئەمە خالە سەرەکیەکەیە، چونکە هەندێک جار هەستکردن و بەیەک گەیشتن بەیەکەوەن، وە ئەکەونە پێش خەیال و بیرکردنەوە، یان ئەتوانین بڵێین کە بەیەکەوەیی هەسکردن و بەیەک گەیشتن خەیال و بیری مرۆڤ بۆ کەسەکە ئەخەنە کار.

ئەوەی کە ئێستا دێتە پێشمان بڕیان دانە یان باوڕە .

هەست و خەیال و بیر چەسپاو نین، لە گۆڕانی هەمیشەیی دان، پرسیار ئەوەیە ( لەگەڵ ئەو گۆڕانانە چ گۆڕانێک بەسەر پەیوەندیەکە دێت، واتە خۆشەویستیەکە؟؟؟) ئەتوانم بڵێم ئەوە دوو قۆناغی بەدوای یەکترن کە پەیوەندیەکە پیایدا تێپەڕ ئەبێت .

یەکەم.. قۆناغی خەونبینین بە یەکتر و گێڕانەوە و باسکردنی خەونەکانە، ئیتر چەند خەونەکان لە یەکتر نزیک بن ئەوا دوو کەسەکە لە یەکتر نزیکتر دەبنەوە، وە بە پێچەوانەشەوە، (ئەوە ئەگەر باس لە بابەتی درۆ و دەلەسە و هەلخەلەتاندن و بەرژەوەندی و ناچاری و ئەنجامی دیاریکراو و هەلاتن و ڕزگار بوون و خۆگرتنەوە و ئەم جۆرە دیاریدانەی نەکەین)، بەلکو ڕاستگۆیەک بێت لە خەونبینین و خەون گێڕانەوە.

دووەم.. قۆناغی جێبەجێ کردنی خەونەکان کە بە شێوەیەکی سروشتی بەدوای قۆناغی یەکەمدا دێت، ئەمەش واتە کارکردن (پراکتیک) کارکردنیش بەرپرسیاریەتی و ئەرک و مافە، با پێشتر نمونە بە پەیوەندی نێوان منداڵ و دایک و باوک بێنینەوە، بە تایبەت بەیوەندی دایک و منداڵ، چونکە منداڵ ڕاستەوخۆ لە منداڵدانی دایک دروست ئەبێت و لە لەشی دایک دێتە دەرەوە و لە باوەشی دایک پەروەردە و گەورە ئەبێت، کەواتە لەم پەیوەندیە هەموو هەستەکان بەشدارن یان بەیەکبەستنەوەی دایک و منداڵن، بەریەک کەوتن چونکە وەک باسمان کرد منداڵ لە لەشی دایک دروست ئەبێت و لە ئامێزی گەورە ئەبێت و بۆن و بینین و بیستن و تامکردنی یەکتریان هەیە، ئەوەش مانای ئەوەیە کە پەیوەندیەکی بەتینی جەستەیی لە نێوان دایک و منداڵدا هەیە، تا ئەگاتە ئەوەی کە هەر زوو دایک بکەوێتە خەیالی چۆنیەتی گەورەبوونی منداڵەکەی و خەون بەداوڕۆژی منداڵەکەی ئەبینێت، کە نداڵەکەش گەورە ئەبێت بە هەمان شێوە کاریگەری تەواوی دایکی لەسەر ئەبێت تا قۆناغی بیرکردنەوە و دروستبوونی کاریگەریەکانیتری خێزان و کۆمەل و دەوروبەر و ژینگە و زۆر شتیتر،

ئەلێرە پەیوەندیەکە جارێکیتر بۆ خەونەکان ئەگەڕێتەوە، ئەگەر خەونەکانی دایک و مندال بە بەردەوام لەگەل یەکتر گەشەیان کرد و بە ئاڕاستەیەکی هاوتەریب و لەیەکتر نزیک بەرەو پێش چوون ئەوا ئەبینین کە پەیوەندیەکە بەردەوامی و پەرەسەندن و بەیەکەوە مانەوە بەرهەم دێنێت، بەلام کاتێک کە بە پێچەوانەوە خەونەکانی دایک و مندالەکە لەیەکتر دوور ئەکەونەوە و ئاڕاستەی جیاواز وەرئەگرن و چۆنیەتی گەشەکردن و بەرەوپێش چوونیان هاوتەریب و هاوئاڕاستە نابێت ئەوا پەیوەندیەکە بەرەو کزی و لاوازی و نەمان ئەچێت، هەربۆیەش کاتێک کە بەراورد لە نێوان کۆمەلگا پێشکەوتووەکان و داوکوتوەکان ئەکەین ئە رونتر و بە زەقتر ئەم راستیە ئەبینین، چونکە خێرایی گۆڕان و بەروپێش چوون لەو کۆمەلگایانە راستەوخۆ کار لەسەر گۆڕانی خەونەکان و دروستبوونی جیاوازی لەنێوانیاندا ئەکات، بە پێچەوانەی وولاتە دواکوتووەکان کە تیایدا گۆڕان لاواز و سستە و بەروپێش چوون تەواو لەسەرخۆیە بۆیە گۆڕانی خەونەکانیش بە هەمان ئاست کز و لاوازە، بەم شێوەیە جیاوازیەکی ئەوتۆ ناکەوێتە نێوان خەونەکان، بەمەش پەیوەندیەکان تونتر و لەیەکتر نزیکترن.

کەواتە بۆ پەیوەندی کچ و کوڕێکیش هەمان شت خەونەکان ئەبنە پردی بەیەک بەستنەوە و دیواری لەیەک ترازان، کچ و کوڕێک کە بەر لە بەیەکەوە ژیان واتە قۆناغی گەڕان بە هەستەکانیان بەدوای نیوەی تەواوکەری خۆیان و خەیالکردنی نیوە و خەونبینین ، تا ئەگاتە خەون گێڕانەوە، ئەوا ئەبینین بە شێوەیەکی گشتی پەیوەندیەکە لە گەشە و پەرەسەندن دایە، بەلام لە قۆناغی جێبەجێ کردنی خەونەکان کە لە کۆمەلگاکانی ئێمەدا زیاتر خۆی لە ژیانی ژن و مێردایەتی ئەبینێتەوە، ئەوا گرفتی ئەرک و ماف ئەکەوێتە نێوان ژن و پیاو، خەونەکان ئاڕاستەی جیاواز وەرئەگرن، بە هۆی ئەو جیاوازیەی لە ئەرک و مافی ژن و پیاو دێتە بەردەم خێزان، ئەوەش ئەبێتە هۆی لەیەکتر دوورکەوتنەوەی جیهانی خۆشەویستیان و لاواز بوونی پەیوەندیەکە، یان ئەتوانین بلێین گەلێک جار سەختی ژیان و گوزەران و زالبوونی داب و نەریت و دین و یاسا و کارکردن و مندال بەخێوکردن و بەرپرسیاریەتی مال و پەیوەندیە سەپێندراوەکان وا لە کەسەکان ئەکات کە ئەو خەونانەی پێشتر هەیان بوو لەدەستی بدەن و بە رابردوویەکی تەمەنی هەرزەکاری بزانن و زۆر جار شەرمیش بکەن لە گێڕانەوە و باسکردنی، ئەمەش جۆرە دابڕانێکی کەسە لە خودی خۆی و ئەیخاتە بارێکی دەرونی ناهەموار کە تیایدا ناچارە زۆر لە ویست و حەز و ئارەزووەکانی خەفەبکات و جەستەی بکات بە گۆڕستانی خەونە کۆنەکانی،لە لایەک ئۆخەی رزگاربوون ئەکات و لەلایەک شین وگریانی لەدەست چوون.

**لێرەدا ئەپرسم چۆن بتوانین بەردەوام لەگەل خەونەکانمان بژین و خەونەکان بە زیندوویی لە ناو خۆماندا هەلگرین؟؟؟ تابتوانین هەموو تەمەنمان لە خۆشەویستی بژین ......................**